هاکان فیدان: لە هەوڵ داین بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە غەزە



وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند: بە گەیشتن بەرەککەوتنی تەواو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و گەیاندنی هاوکاری بۆ غەزە لە هەوڵکانیان بەردەوامن.

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سامح شوکری هاوتا میسرییەکەی، ڕایگەیاند: بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ کەرتی غەزە هاوکاری تەواو لەگەڵ میسر دەکەین.

ڕاشیگەیاند، لەڕووی ئابووریەوە قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و میسر بۆ 15 ملیار دۆلار بەرزدەکەینەوە.

هاوکات سامح شوکری، وەزیری دەرەوەی میسر، ڕایگەیاند: بۆ کێبووندەوەی لوتکەی هەردوو سەرکانی میسر و تورکیا ئامادەکاریی تەواو دەکەن.

لەبارەی دەخی غەززەش، وەزیری دەرەوەی میسر، گوتی "هەوڵەکانمان بەردەوامن تاوەکو بگەین بە ڕێککەوتن بۆ ئاگربەست لە غەززە".

هەروەها لەبارەی دەوڵەتی فەلەستین، ئاشکرایکرد، سوورن لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین و لەو ڕووەشەوە هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە.